# بێڕێزکردنی مامۆستا

فایەق سەعید
faiekk@hotmail.com



ئەمە یەکێکە لەدلێما گەرمەکانی نێو قوتابخانە کوردییەکان و بەهەر لایەکدا چووبم مامۆستاکان باسیان لەم بابەتە کردووە. بەشێک لەوان هۆکاری ئەم بێڕێزیەیە بۆ نەمانی لێدان دەگەڕێننەوەو بەشێکیان وەکو زەنگێکی مەترسیدار ئاماژەی بۆ دەکەن بەبێ ئەوەی بۆ هۆکاری یەکەمی بگەڕێننەوە.

لێرەدا دەمەوێ ئاماژە بەوە بکەم کەپیادەکردنی ئەو بێڕێزییە لەبەرامبەر مامۆستادا هەرگیز قابیلی قبوڵ نیەو هەرگیز هۆکارەکەشی بۆ نەمانی لێدان و پیادەکردنی بڕیاری قەدەغەکردنی لێدان ناگەڕێتەوە. من تەواو لەگەڵ ئەو مامۆستایانەدا هاوڕام کەپێیان وایە هەموو مرۆڤێک بەکردارو قسەکانی خۆی ڕێز بۆخۆی دروست دەکات. لێرەدا من نامەوێ لەسەر ئەو بابەتە بدوێم کەچۆن مامۆستایەک ڕێز بۆخۆی دروست دەکات بەڵکو دەمەوێ لەبری ئەوە دەمەوێ باس لەوردەکارییەکانی تری ئەم گرفتە لەلایەک و خەتەری ئەم گرفتە لەلایەکی ترەوە بکەم.

لەوڵاتی ئێمەدا بەبەراورد لەگەڵ هەندێک لەقوتابخانەکانی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا هێشتا گرفتەکان نەگەشتۆتە ئەو رادەیەی خوێندکاران لەمامۆستاکان بدەن، بەڵکو لەسنوری بێڕێزیدا وەستاوە. رەنگە لێدانی مامۆستا (لەلایەن خوێندکارەکانیەوە) زۆر کەم بێت بەڵام هاتنەکایەوەی ئەم جۆرە دەستریژییە لەداهاتوودا لەبەر هەندێ هۆکاری گشتی نابێتە هۆی سەرسوڕمانی من. رەنگە لێرەدا ئەو هۆکارانە زۆر گرینگ بن کەوا لەخوێندکار دەکات ڕێز لەمامۆستاکەی بگرێت. ئایا لەبەر ئەوەی مامۆستاکەی خۆش دەوێت بۆیە ڕێزی لێدەگرێت یا لەترسانا یا لەبەر ناچاری یا هەروا راهاتووە. وەڵامی ئەم پرسیارانە بەشێک لەگرفتەکانمان بۆ شیدەکاتەوە. لەلێکۆڵینەوەیەکی پێشتردا (2003) کەلەکوردستان سازم کردبوو ئەم پرسیارەم ئاراستەی ئەو خوێندکارانە کردبوو کەدیدارم لەگەڵدا کردبوون بەڵام وەڵامەکانیان هێندە دڵخۆشکەر نەبوون.

ڕێژەیەکی زۆری ئەو خوێندکارانە (56%) لەبەر ناچاری و لەترسانا ڕێزی مامۆستاکانی خۆیان دەگرت. من پێم وانیە دەزگا پەروەردەییەکان ئەم ڕێژەیە بەهەند وەربگرن و بیر لەهۆکارەکانی بکەنەوە. تا ئەو کاتەی ئەو دەزگایانە لەگەڵ مامۆستاکاندا بیر لەچارەسەرکردنی ئەو هۆکارانە نەکەنەوە رادەی بێڕێزکردنی مامۆستا لەبەرزبوونەوەدا دەبێت. لەنێو ئەو ڕێژەیەدا (12% ) یان ترسیان بەرامبەر مامۆستاکانیان هەبوو بۆیە ڕێزیان دەگرتن. ئەرکی ئێمە ئەوەیە لەکەشوهەوایەکی دۆستانەی تەندروستدا لەخوێندکارەکانمان بپرسین بۆ ئەوان لەمامۆستاکان دەترسن. هەنگاوی دووەم دەبێ ئەوە بێت کەئەو هۆکارانە نەهێڵین چیتر ژیانی رۆژانەی قوتابخانەکان بەڕێوە ببات.

شتێکی بەڵگەنەویستە کەتوندوتیژی مامۆستاکان هۆکارێکی زۆر گرینگە لەپرۆسەی لەدایکبوونی ئەو ترسەدا کەدواجار بێڕێزکردنی مامۆستاکانی لێدەکەوێتەوە. بەڵام بەداخەوە تاوەکو ئێستاش لەنێو کۆڕی مامۆستایاندا زۆر بەدەگمەن پشتیوانی لەم بۆچوونە دەکەن.

ئەو مامۆستایەی سەرەوە بەشی هەرە گەورەی تەمەنی لەنێو قوتابخانەکاندا بەسەر بردبوو، بەڵام لەبەرامبەر پرسیارێکی ترمدا کەئایا لەبری ئەو ترسە هەولیٚ ئەوەی داوە لەگەڵ خوێندکارەکانیدا میهرەبانتر بێت و زیاتر ڕێزیان بگرێت ووتی:

(( یەک دووجار ئەوەشم کردووە بەڵام هیچ سودێکی نەبووە. من هەموو تەمەنی خۆم لەقوتابخانەدا بەسەر بردووەو خۆم دەزانم چی دەکەم. تۆ جاریٚ وەکو من شارەزاییت نیە))

لێرەدا دەمەویٚ دوو خاڵ یاداشت بکەم؛ یەکەمیان لەوە دەچێت ئەو مامۆستایە هەزارەها جار پەنای بردبێتە بەر لێدان و ترس چاندن و تۆقاندنی خوێندکارانی بەبیٚ ئەوەی هیچ بەرئەنجامێکی هەبووبێت کەچی هەر لەو کارەدا بەردەوامە، بەڵام تەنها یەک دووجار هەولی داوە ڕێز لەخوێندکارەکانی بگریٚ و لەگەڵیاندا میهرەبانتر بێت کەچی دەڵیٚ سودی نیەو وازی لەو شێوازە هێناوە. دەبیٚ ئەوەش بڵێم بۆ چەسپاندنی شێوازی پەروەردەیی و ئاشتیخوازانە پێویستمان بەوەیە سەدەها جار هەوڵ بدەین تا دەگەینە ئەنجام.

یاداشتی دووەمیان ئەوەیە کەئەو مامۆستایە بەرێوەوێکی زۆر ترسناکدا دەروا ئەویش ڕێرەوی سیاسیە کوردەکانە. سیاسەتمەدارو پێشمەرگەکانی ئێمە خۆیان لەهەموو کەس بەحەکیمتر دەزانن و ساڵەکانی پێشمەرگایەتی خۆیان لەشاخ بەتاقە پێوەرێک دەزانن بۆ سەردەرچوون و زانست و کار بەرێوەبردن. زۆرجار گوێمان لێیان دەبێت دەڵێن تا من لەشاخ بووم تۆ لەکویٚ بوویت، یا من ئەوەندە ساڵە پێشمەرگایەتیم کردووە ئێستا تۆ من فێر دەکەیت ... هتد. بۆیە مامۆستاکانیش بەهەمان لۆجیک ساڵەکانی خزمەت دەکەن بەپێوەر بۆ زانین. ئەگەر ساڵەکانی شاخ و خزمەت پێوەر بوونایە ئێستا نەحاڵی ئیدارەکانمان و نە حاڵی قوتابخانەکانمان بەو شێوەیە دەبوو.

وەکو مامۆستا هەرگیز نابیٚ دڵمان بەوە خۆشبێت کەمناڵەکان لەبەردەماندا هەڵبلەرزن و واخۆیان پیشان بدەن کەرێزمان دەگرن. ئەم ساتە وەختە هەرچەند خۆشیشە چونکە کەس ناوێرێت بزێوی بکات، بەڵام نیشانەی هەڵوەشانەوەی پەیوەندییەکانی نێوان مامۆستا و خوێندکار یا بێکەڵکی سیستمی پەروەردەییە. هەر کاتێک بینیمان خوێندکارێک لەترسانا شتی لێشاردینەوە، دەبیٚ ئەوە بزانین ئەو خوێندکارە ئێمەی خۆش ناوێت بەڵکو لێمان دەترسێت. هەرکاتێک خوێندکار لەمامۆستا ترسا دەبیٚ ئەوە بزانین کەپرۆسەی پەروەردەیی بەرێگایەکی ڕاستدا ناروات و دەبیٚ بەدوای چارەسەرێکدا بگەڕێین.

من پێم وایە ئەگەر بمانەویٚ خوێندکاران خۆشیان بوێین و بێڕێزیمان پێنەکەن دەبیٚ قەناعەتیان پێبکەین کەئێمە بەقسەو بەکرداریش دوژمنی ئەوان نین و خۆشیانمان دەویٚ. خوێندکاران زۆر وشیارن و لەوەش تێدەگەن کەهەر کات لێیاندرا مانای ئەوەیە خۆشەویستی لەئارادا نیە. بەهەمان شێوە لەو کاتانەدا ناتوانن بروا بەو مامۆستاو باوکانە بکەن. ئەگەر بمانەویٚ خوێندکارەکانمان بێڕێزیمان پێنەکەن دەبیٚ سنوری ئازادییە فەردیەکانیان زەوت نەکەین و خۆمان بەسەرگەورەیان نەزانین کەبەراستوچەپدا بەناوی سەرگەورەییەوە ئازاریان پێبگەیەنین. من هیچ پێم سەیر نیە خوێندکارانی دواناوەندی زەڵمی کچان لەهەڵەبجە بێڕێزی بەرامبەر بەبەرێوبەرێک بکەن کەبەسۆندە لێیان بدات چونکە شەرەبەفریان کردووەو خۆشەویستی دەکەن و سوراو بەکار دەهێنن (هاوڵاتی ژ 164). بەرێوبەری دواناوەندی زەڵمی کچان دەڵیٚ :

((چەندین جار نامەی دڵداری خوێندکارەکانم گرتووە کەتێیدا دەڵێت " خۆشەویستەکەم ئاگام لەهیچ نیە کەمامۆستا باسی دەکات و تەنها بیر لەتۆ دەکەمەوە".

چەندین نامەی لەم بابەتەمان گرتووە کەمن ئارەقە دەکەم کاتیٚ بەتەنیا دەیانخوێنمەوە. گرفتی لەوە گەورەتریشمان هەیەو چەندین سیدی و کرێم و مکیاژو مقەس و موکێشمان بەخوێندکارەکانمان گرتووە. باشە ئێمە ئەگەر توند نەبین ئیتر پەروەردە کامەیەو من بەرێوبەری چیم. بەداخەوە لەوەتەی بڕیاری قەدەغەکردنی لێدان دەرچووە خوێندکار هیچ ڕێزی بەرێوبەرو مامۆستا ناگرێت.

هاوپەیوەند بەم گرفتەوە دەمەوێ چەند خاڵێک یاداشت بکەم:

یەکەم: بەتێروانین لەمێژووی قوتابخانە پەروردەییەکان و ئەو لێکۆلینەوانەی لەبواری هەراسانکردنی خوێندکاراندا نووسراون ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کەرێزنەگرتنی مامۆستاکان هەرگیز پەیوەندیان بەو بریارانەوە نەبووە کەلەبەرژەوەندی خوێندکاراندا دەرچوون.

دووەم: دارکاریکردنی خوێندکارانی دواناوەندی بەپاساوی ئەوەی یاری شەڕە بەفریان کردووە من دەباتەوە سەر یاریکردن و رۆلی ئەرێنی یاریکردن لەپرۆسەی پەروەردەدا. من لەروانگەی تازەترین لێکۆلێنەوە پەروەردەییەکانەو دەتوانم ئەوە بسەلمێنم کەیاریکردن نەک هەر سەرچاوەیەک نیە بۆ گرفت بەڵکو سەرچاوەیەکی گرینگترە بۆ گەشەسەندنی پرۆسەی پەروەردەو برەوسەندنی توانای فێربوون لەلای خوێندکاران..

سێیەم: من نازانم بۆ خوێندکار لەکاتی خۆشەویستی و ماچ و دەست لەملانێشدا دەبێ بیر لەمامۆستا بکاتەوە. مرۆڤ بۆ بۆی نەبێ بۆ تاقە ساتێکیش مامۆستا فەرامۆش بکات. من نازانم بۆ ئەگەر خوێندکارێ خۆشەویستی بکات بەرێوبەری قوتابخانەکەی دەبێ ئارەقە بکات. ئەم مەسەلەیە چ پەیوەندییەکی بەپەروەردەوە هەیە. ئەو شتە نهێنیانەی لەنامە دلّدارییەکانی خوێندکارەکاندا نووسراون و بەرێوبەر دەستی بەسەریاندا گرتووەو لەلای خۆی وەکو ئەرشیفی مۆزەخانەیەک پاراستوونی دەبێ چیبن تا وا لەبەرێوبەر بکات ئارەقە بکات. ئەوپەرەکەی باسی ماچ و لێو گوشین و مەمک گرتن و خەونە پەمەییەکان دەکات. بۆ دەبێ بەرێوبەر سنوری ئازادی تاکەکەسەکان ببەزێنێ و دەست بەسەر نامەکانیاندا بگرێ و بۆ رۆژنامەکان باسیان بکات. گەرەنتی چیە دواتر ئەو نامانە لەلای خەلّکی تر ئاشکرا ناکرێن و چەندین گرفتی کۆمەڵایەتی سەخت بۆ ئەو خوێندکارانە دروست ناکەن.

چۆن هیچ کەسێک لەسەر ئەم زەوییەدا مافی ئەوەی نیە نامە پەمەیی و ناپەمەییەکانی من و تۆ بگرێ و سنوری هەست و ئازادییە زۆر تایبەتیەکانمان ببەزێنێ، ئاواش ئێمە ئەو مافەمان نیە کەسنوری خوێندکارەکانمان ببەزێنین، چونکە ئەوە کاری پۆلیسە نەک پەروەدەزان. دەبێ پێمان خۆش بێت کاتێ یەکێک لەخوێندکارەکانمان دەبینین لەبن دارێکدا خۆشەویستی دەکەن، چونکە یەکێک لەمافە هەرە سەرەتاییەکانی خۆیان پیادە دەکەن و بەپرۆسەیەکی دەروونی و کۆمەڵایەتی دروستدا تێپەڕ دەبن.

چوارەم: گرفتی گەورەکان لەوەدایە کەدەیانەوێت وەکو سیاسیەکان دەسەڵات بەرهەم بێنینەوە. واتە چۆن سیاسیەکان تاکڕەوانەو بەبێ گوێدانە جەماوەر دەسەڵات بۆ خۆیان دروست دەکەن و بەسەریاندا پیادەی دەکەن، گەورەکانیش هەوڵی ئەوە دەدەن لەسەر هەمان مۆدێل و بەهەمان ستروکتور ئەو دەسەڵاتە بەرهەم بێنینەوەو شەرعیەتی بۆ پەیدا بکەن و بەسەر نەوەیەکی منالّتردا پیادەی بکەن.

دەبێ ئەوەش بلّێم ئەم جۆرە کارانە بەشێکن لەو هۆکارانەی برەو بەبێرێزکردنی مامۆستا دەدەن. قوتابخانەی زەلّم نموونەیەکە لەهەزارەها قوتابخانە کەنازانێت چۆن گرفتەکانی خوێندکاران چارەسەر بکات. بەشێکی گەورەی ئەرکەکانیش دەکەونە سەرشانی بەرێوبەرایەتی و وەزارەتی پەروەردە کەهاوکارییەکی باشی قوتابخانەکان ناکەن.

گرفتی هەراسانکردنی مامۆستایان و بەکارهێنانی توندوتیژی لەئاستیاندا لەزوربەی وڵاتە پێشکەوتووەکانیشدا کەم تا زۆر هەیە. راستە گرفتێکی بەربڵاو نیە بەڵام من پێم وایە ئەگەر کەمیش بێت نیشانەی شلّەقانێکی گەورەی ئەو سیستمە پەروەردەییەیە کەوڵاتێک پێیدا تێپەڕ دەبێ. من پێم وایە رێزی مامۆستا دەبێ بپارێزرێت، چونکە نەمانی ئەو رێزە زۆر شت دەگۆڕێت کەنەلەبەرژەوەندی مامۆستاو نەلەبەرژەوەندی خوێندکاریش دایە. بەڕای **Maare Tamm** بەکارهێنانی توندوتیژی لەبەرامبەر مامۆستادا مانای پچڕانی پەیوەندی نێوان مامۆستاو خوێندکار دەگەیەنێ. ئەم پەیوەندییە کەلەبنەڕەتدا لەسەر رێزگرتن و قبولّکردنی یەکتر وەستاوە لەهەمان کاتیشدا یەکێکە لەبنەما سەرەکییەکانی کاری

**قوتابخانه. تام لەدرێژەی باسەکەیدا ئاماژە بەڕای Vestermark دەدا کەپێی وایە (( هەتا ئەوکاتەی رێز لەمامۆستا بگیرێت قوتابخانە جێگایەکی ئارامە، بەڵام هەرکات توندوتیژی لەبەرامبەر مامۆستادا بەکارهێنرا ئەوا رێزگرتن لەمامۆستا لەشوێنی خۆیدا نامێنێ و باوەڕیشمان بەقوتابخانە وەکو ئارامترین رێکخراوی کۆمەڵگا گەورەترین درزی تێدەکەوێت)) .ئەم کارەش مانای وایە دەسەڵات لەدەستی مامۆستاوە دەگوێزرێتەوە بۆ دەستی کۆمەڵێک هەرزەکار یا بەشێوەیەکی دی دەسەڵاتی بەرێوەبردن و سەرپەرشتیکردن لەدەستی ئەو هەرزەکارانەدا دەبێ.**